# شەوەکەی عەریف زباڵە

## نووسینی: محەمەدفەریق حەسەن

ئەو دەمەی تەواوی گوزەرەکە لە دۆخێکی شادەوە بۆ پرسە و ئازیەتباریی گۆڕدرا، من لەوێ لە چاوەڕوانیی شەریف دا بووم. لەو ساتەوەختەدا، چایچییە لاوەکە، گۆرانییەکی دەهۆڵیی تایبەت بەم گەرمیانەی لەسەر نابوو، شانی بەگوێدێر هەڵدەتەکاند و خەڵکی دەهێنایە سەر کەیف. هەرکە هەستی دۆخە نوێکەی کرد، بە پەلەپڕووزێ فریاکەوت، بێدەنگی بکا. حەشاماتێ لە مەردمی بەلەباریکەی ڕیشهاتووی ڕوومەت قوپاوو ماندوو، تەوێڵ بە چرچ و لۆچ، سەرنجی بەرپێی خۆیان دەدا. نتم ڕێیاندەکرد، لەگەڵ خۆیاندا هەرچی هەنگامە و بزاڤ هەبوو ڕایانگرت. ئۆتومبیلەکان بێ هۆڕن لێدان کەناریان گرت. پایسکل سوارەکان بێئەوەی زەنگ لێدەن پیادەبوون و لەپاڵ پایسکلەکانیاندا وشک وەستان. دێوەرەکان لە پاڵدانی عارەبانە و بەباڵادا هەڵدانی واڵەکانیان کەوتن و بۆ ڕێزی ئەم پێشهاتە نوێیە چەند هەناسەیەک هەڵوەستان.  پیرە چەقۆتیژکەرەکەی سەر پیادەڕەوەکەیش چەرخەکەی وەستان و دەستی بەسیکاردە کولەکەوە وشک بوو. کوڕێژگە بۆیاخچییەکانیش بەسۆلی دەستە ڕەنگاوڕەنگیانەوە لە گەڕان و چاو وردکردنەوە و هاوار وەستان. هەرلە پینەدۆز و بەقاڵ و بازرگانەوە تا تاوڵەچی و ئەزنیف و دۆمینە کەرە بێکارەکان، بە دەرۆزەکەرانی دەم ڕاستە شەقامەکەیشەوە، هەموو ڕاست بوونەوە. منیش هەڵسام و کزو بێورتە لە بەرامبەریاندا، دەستەکانم پانکردەوە. تەنیا بەرێکەران خۆیان بوون دەجوولان.

ئەوان بە بێدەنگی ڕەتبوون.  تەرمەکانیان لە پشتی دوو پیکاب بارکردبوو. بەدەست خۆم نەبوو چاوم لەسەریان بوو. ئەوەندەم زانی وەک بەڵای لەپڕ، چوار دەست، یان چوار باڵی هەرە درێژی تووکنی خوێناوی لە دارەتەرمەکانەوە وەک تیر دەرچوون. ڕێک بەرەو چاوانم فڕین. دوو باڵی درێژی ڕەقەڵەی ئەسمەری تووکن، بەبان سەری ئەو هەموو مەخلووقە مات و سەرکزەدا بەو خێراییە دەپەڕین و دەیانویست پەنجە خوێناوییەکانیان لەچاڵی چاوم بچەقێنن. خۆشم نەمزانم چۆن فریاکەوتم دەست بە چاوەکانمەوە بگرم و گورجێ بێمە سەر چۆک. ئیتر دەستەکان، یان ڕاستتر وایە بڵێم تیرە خوێناوییەکان سەریان کرد. دوای ماوەیەک، چاوم کردەوە. بەڵام دیسانەوە نەمتوای سەرنجی دارەتەرمەکان نەدەم. چاوم تێوەبوو چەند جارێ، هەردووکیان پێکەوە، دەستە خۆێناوییەکانیان لەکفنەکانیانەوە ڕووەو ئاسمان هەڵبڕی؛ وەک ئەوەی گلەیی و بناشتیان بەرەو تەختی بینایی چاوان بەرزبکەنەوە. من نەمپرسی داخۆ ئەوەی من دیم خەڵکی ئەم شارۆچکەیەش بەچاوی خۆیان دیبان، یان ئەو جووتە کوژراوە بەتەنیا منیان کردبووە ئامانج. بە دووورکەوتنەوەی ئەوان، دەنگ و جووڵەش کەوتەوە گوزەرەکە. هەبوون لە سۆراخی ناو و بنەچەی جووتە کوژراوەکەدا بوون. هەشبوون لەمەڕ ئەو گوندەی ڕەویان لێوە کردبوو، چۆنچۆنی لە ئەنفال خۆیان دەرباز کردبوو، دەدوان.. هەبوون مەبەستیان بوو بزانن ئەو کوژراوانە ماڵ و ژندار بوون یان سەڵت قوڵت، چەند منداڵیان لەپاش بەجێماوە.. چەندیان کوڕن و چەندیان کچ.. ئەوان لەنێو یەکدا، زۆر زانیارییان لەمەڕ کوژراوەکان گۆڕییەوە. بەڵام کەس بە کەین و بەینی نێوان شەریفی خانەخوێم و ئەو دوو قوربانییەی نەدەزانی. تۆبڵێی منیش تێوەگلابم و لەم تاوانەدا پشکدارابم؟! ئەدی ئەوان دەستی خوێناوییان بۆ چاوەکانم درێژ نەکرد؟ منی بابایەکی ڕەفتەنی، دانیشتووی کۆمەڵگەیەکی دیکەی دوور. منێک، کە لەم چایخانەیەدا سەبرم سواوە و بەناچاریی چاوەڕوانی شەریفی خانەخوێم دەکەم.

شەوی ڕابوردووم، لەگەڕەکی شۆڕش ڕۆژکردەوە. بڕوا و سەر بەدواوە نەهێنێ. شەو لەگەڕەکی شۆڕش سرووەی (با)یش نەدەهات. دیمەنی کەلاوەکانی دەورو بەری ماڵی شەریفی خانەخوێم، لە ژێر ئاسمانی بە جریوەی ئەستێراندا وەحشەتناک دەینواند. کەلاوەکان، دیوارە کەوتووەکان، کەڵەکی بەرد و بلۆکە شکاوەکان ببوونە داڵدەی سەگی خوێڕی و گڕوێ.. ماڵەکانی دەوروبەر بەرەو کۆنە مەفتەنیان گەڕابوونەوە. ئەوەی وەک یادگار لە پاشیان جێمابێ، لادیواری کەل و کۆم و درزبردوو، دەرختی تینووی پرچ هەڵکڕووزاو بوو، کە بەتەنیا ئێشکگری هەواری چۆڵ بوون. لەوێ لەگەڕەکی شۆڕش، بۆی هەیە فوول لایتی ئوتومبیلێک، ئەو سەربازگە گەورەیەی بانمەقان بورووژێنێ و هێمنی شەو لەم کۆمەڵگەیە تێکبدات و ژمارەی قوربانی و کەلاوەش بەرزبکاتەوە. بەڵام شەو کپ، ڤرەی ماشێنێ ، سیرەی سیسرکێکیش نەدەهات.

لەحەوشەی ئەو تەنیا ماڵەیەی شەریفی خانەخوێمدا، لەبەر زەردەی گڵۆپێکی کز، لەگەڵ (شەریف)دا، دوو بە دوو بەرامبەر یەک دانیشتبووین. ئەگەرچی زۆر یادگاری هاوبەشی سەردەمی گوند هەبوو باسی بکەین و شەوگاری پێ بەسەربەرین. بەڵام ماڵەکە لەدەمی مردوو ساردتر بوو. من و شەریف، جگەلەوەی هاوتەمەنین، هەموو قۆناغی منداڵیشمان پێکەوە لەو گەرمیانە، لە(ک)ی گوندە ڕووتەڵەکەی خۆمان بەسەربرد. ڕێکەوتی ڕووت هەردووکمانی ڕزگارکردووە. زۆرێک لە هاوتەمەنەکانمان سەریان بەدواوە نەهێنا و ئێمە دەرباز بووین. بۆیە جارناجار لە هەواڵی یەکدی دەپرسین و بەسەریەکمانەوە هەیە. وەلێ دیدەنیی ئەمجارەیان بۆ وەرگرتنەوەی قەرزە. ئەو قەرزەی دەبووایە چەند مانگێک لەمەوبەر شەریفی برادەرم، بەدەستی بیگێڕایەتەوە و نەیهێنا.

دایکە پیرەکەی لە بەرهەیوانەکە سەرقاڵی چای دەمکردن بوو. منیش سەرنجم ئالاندبووە ئەو گڵۆپە زەردەی بە بەرزاییەوە لەکۆڵەکەیەک بەسترابوو، مێشوولەو پەپوولەی بەشەوارەکەوەتوو لەدەوری دەفڕین ، کاتێ شەریف شەقڵی بێدەنگیی شکاندو وتی:

ـ سبەی بێتە دەستم، نایخەمە دووسبەی قەرزەکەت دەدەمەوە!

وەنەبێ لە دەوڵەمەندیما، ئەو بڕە پارەیەم بەقەرز پێدابێ. بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوە بوو دڵم پێیسووتا. ئەگینا لە شەریف کەم دەرامەتترم. بۆیە وتم:

ـ دەست تەنگیی ڕووی تێکردووم. دەنا بەم شەوە نەدەبوومە میوانێکی درەنگوەختی ئێسک گران. ئێستاش خۆت سەغڵەت مەکە شەریف، هەرکاتێ بووت.. ئەم هاتنەشم بەدیدەنی بۆ حسابکە!

دیاربوو شەریف بەقسەکانم کەمێ سوکنایی بۆهات. شانی دادایە سەر بالیفە گەورەکەی پاڵی و بەمنیشی وت:

ـ پاڵبدەرەوە سمایل، خۆت بەمیوان مەزانە. ئێمە براین و دەزانم پارە لە نێوانمادا مەسەلەیک نییە.

منیش شانم دادایە سەر سەرینەکەی پاڵم. هەردوولامان بێدەنگ ماین. دوای قەدەرێک دایکی شەریف دوو پیاڵە چای لەپێشمان دانا و ئێمەیش ڕاست بووینەوە. زرنگەی کەوچکی نێو پیاڵەکان ئاوازێکی بەو دانیشتنە نائارامە دابوو. دایکی شەریف بەدەم چایی تێکردنەوە شەوگاری هاوینی گوندی بە بیرهێنامەوە. کاتێکم زانی لەپڕ بێدەنگیی کۆمەڵگەی شۆڕش شڵەقا. بوو بە تۆپبارانێ ئەوسەری دیار نەبێ. لەگەڕەکی شۆڕش تۆپباران ئاساییە. بەڵام لەماڵی شەریف نائاسایی بوو! گرمەی یەکەم تۆپ، کەشی ماڵەکەی بەشێوەیەکی سەیر و نامۆ گۆڕی. شەریف هەڵسا. منیش بەدوایدا هەڵسام، وامزانی خۆی بەژووورێدا، یان پەنایەکدا دەکات. بەڵام وانەبوو، ڕێک چووە چەقی حەوشەکەو هاواری لێهەڵسا:

ـ چوار هەزار، چوارهەزار!.. بەڕەتڵ (زبالە)گیان، بەڕەتڵ!

ترسم لێنیشت. نەمزانی لەکاتی وەهادا چیبکەم باشە؟ لێی چوومە پێشتر، تاکو لەنزیکەوە ڕووخساری ببینم بزانم لەکاتی هاوار کردندا ڕووی چ گۆڕانێکی بەسەردا دێ؟ چ جۆرە هەستێک لەسەر ڕووی پەرچ دەبێتەوە؟! وای بۆچووبووم، لەکوتوپڕیی تۆپبارانەکەوە تووشی گەشکە بووە. وەلێ ئەو سرەوتی نەبوو، بەردەوام هەڵدەبەزییەوە. بە جووڵەو هاوارەکانیدا لە مەیموون دەچوو. دوای گرمەی دووەم تۆپ، هاواری کرد:

ـ هەشت هەزار ! بەردەوامبە زبالەگیان بەردەوامبە!

بیریشم لەوەدەکردەوە ڕەنگبێ حاڵەکاتی بەسەردا هاتبێ و دووربا شێتی سەری لێدابێ. دەنا کێ هەیە بەتۆپبارانی ئاواییەکەی دڵشادبێ. لەگەڵ زرمەی چوارەمدا. چوو بە ئاسماندا و یەک بەخۆی شیڕاندی:

ـ ئەرێوەڵڵا شانزەهەزار!

گوللەتۆپەکان هەروا بەردەوام بوون و شەریفیش هەموو گیانی دەجوولا و جێی بەخۆی نەدەگرت و قسەکانی پاتەدەکردنەوە:

ـ بیست هەزار.. بیست و چوار هەزار.. بیست و هەشت هەزار!! بەردەوامبە عەریف زبالە، بەڕەتڵ بینێرە! ئەمدیوی کە زبالە!!.. بەهەر چوار کەناردا زبالە!! بەرەو چەمچەماڵیش!

بەم شێوەیە، لەگەڵ تەقینی هەر تۆپێکدا شەریف چوار هەزار سەردەکەوت. و لەگەڵیدا پێخاوس هەڵدەبەزییەوە و دەتریقایەوە. ئەمجا لە قاقای پێکەنینەوە دەیگۆڕی بۆ گازەگاز و هاوار و قیژەی بێمانا. هەندێ جار وەک دەروێش دەیهوولاند.

هەر گوللە تۆپێک دووجار دەتەقی. جارێک لەبانمەقان و جارێک لەکۆڵان و ماڵەکانی شۆڕش. گەردەلوولی تۆز و دووکەڵ تێکەڵ دەبوون. بۆنبارووت لووتی دەچووزانەوە. ئاگر دەکەوتەوە. ترس هەڵمەتی بۆهێنام و چۆکم دەلەرزی. لێشم ببووە کوردە ناموسی. بۆیە نەمدەکرد خۆم بەزەویدادەم. خاوەنماڵ مێش میوانی نەبوو، ئیدی منیش پێم کەمایەسی بوو نیگەرانی پیشاندەم. دواتر ئەوەی وای لێکردبووم زۆر خۆم نیگەران نیشان نەدەم. دایکی شەریف بوو. ئەو پیرەژنە لە جەنگەی ئەو هەنگامە و گرمە و ناڵەی تۆپبارانەدا بێباک بەلبادەکەوە پان بووبۆوە، مێشێک میوانی نەبوو. پەنجەرەکان زرِەزرِ دەزرنگانەوە. دەرگەکان دەکرانەوە و شەق پێوەدەدران. زەوی لە ژێرماندا دەلەرزی. شەوێک بوو تۆپی تێدا دەباری. ئیدی شەریف کوڕە سەلارەکەی جاران نەمابوو. دەربایسی ئەوە نەبوو، میوانی هەیە و گەرەکە ڕێزی خۆی و میوانەکەی بگرێ.

ـ چلوچوار هەزار!.. ئافەرین عەریف زبالە، بەردەوامبە!

باوەشم بەناوقەدیا کردو بەرەو هەیوانەکە پاڵمدا! ئەوی ڕاستی بێ ئەم هاوار هاوارەی شەریف لە گوللە تۆپەکان زیاتر کاریان تێکردبووم. نەڕاندم:

ـ ئەوە چیت لێقەوماوە شەریف؟ ئارامبە شەریف ئێستا دەوەستێ.. دان بەخۆتا بگرە شەریف! تەنگانەی لەمە تەنگانەترمان دیوە شەریف!

بەڵام هەوڵەکەم بێهوودە بوو. خۆی لەدەستم ڕاپسکاندو ڕایکردەوە چەقی حەوشە و دەستی بە هاوار و هەڵبەز هەڵبەز کردەوە. من دڵم کەوتبووە پەلەپەل و پشووم توند، نەمدەزانی دەبێ هەنگاوی داهاتووم چیبێ. بەلای دایکی شەریفدا بامدایەوە. ئەو هێشتا بەدیار قۆری و پیاڵەکانییەوە دانیشتبوو. دەستی لێهەڵتەکانم، وتی:

ـ وازی لێبێنە، شەریف لەهەوای خۆیدایە!

لەوەڵامی دایکی شەریف ئەوەندە تێگەیشتم، کە شەریف بە تۆپباران تووشی ئەم بێحاڵییە دەبێ و هیچ چارێکی نییە. بۆیە بە ترسەوە، لەگەڵ شەریفدا کەوتمە سەرنجدانی ئاسمان و بانمەقان و شوێنی کەوتنەوەی گوللە تۆپەکان. بەزەییم پێیدا دەهاتەوە. چوار گوللە تۆپ وەک چوار پشکۆی گەورەی سوور سووری تیژباڵ بەئاسمانی شۆڕشدا ڕووە و دەربەندەکەی بەرامبەر کشان. شەریفیش هەر لەسەر کەیف و هەڵقون هەڵقون و ژماردنی خۆی بوو. لەدوا ژمارەی لەمەڕ شەریف دا کە پێم وایە شەست هەزار بوو. زاق و زریق و هاوار هاوار لە قووڵایی کۆمەڵگەکەوە بڵند بوو. سەی خوێڕی حەچ ولووریان بوو. شەریف سەر پەیژەکەیان کەوت و منیش بە شوێنیدا. لەو دەمەدا پۆلێ کۆتر لە شەققەی باڵیان دا و هێلانەواز بوون. نەمزانی بەو شەوە تووشە کوێوە چوون. ئەوەندە هەبوو بە شەققەی باڵیان، لە تۆپەکان زیاتر ڕاپانچڵەکاندم. لە دووررا، منداڵ و تاڵ، ژن و ژاڵ دەیانزووڕاند و دەیانزریکاند. دیمەنەکەم هێنایە پێش چاو. پێم وابوو خۆیان دەڕنییەوە.

بە ڕاست نەمزانی چ ناوێکی لێبنێم؟ ئەم کۆمەڵگەیە نەشارە نەلادێ! وەها ڕەنگی بۆ ڕێژراوە لەمسەری شۆڕش سەگێک دەرکەوت لەوسەرەوە دیاربێ. سەد مەترێک لە بەرامبەرمانەوە، گڕ چون زمانی دێو بە ئاسماندا دەچوو. دیاربوو هەبوون بەهانایانەوە دەچوون. دەنگەکان بەیەکدا دەهاتن و تێکەڵ دەبوون. کاتێکم زانی گوللە تۆپێک وەک ئەستێرەی ڕژاو کەوتە سەر ڕاستە جادەی سەنگاو و لەسەر قیرەکە هەڵسایەوە و بە تاقی ئاسماندا چوو. تاکو سارد بۆوە پریشکی پرتەقاڵی بەدەوری خۆیدا دەباراند. لەیاری فیشەکەشێتە دەچوو، کاتێ وڵاتانی دوور، لە ئاهەنگەیادی سەربەخۆییاندا، ئاسمانی پایتەختیانی پێدەڕەنگێنن. لەگەڵ ئەوەشدا شەریف هەستی ڕاگرتبوو، بەچوار کەناردا چاوی دەگێڕا. دیار بوو دەیخواست تاگزنگی بەیان، یەکبینە عەریف زبالە ئەم ئۆردوگا نیوە چۆڵ و نیوە ئاوەدانە بکوتێ و سرەوتی نەبێ!

تۆپەکان سرەوتن، بەڵام گریان و هاوار هاوارەکە درێژەی هەبوو. منیش خەوم لێزڕا. بوو بە غایلەم: (( بڵێی ئەم عەریف زبالەیە ناوێکی ڕاستەقینە بێت و خۆیێ ئەم ئۆردوگایەی کردبێتە نیشانە. ئەگەر وابێ شەریف ئەم زبالە ناوە چۆن دەناسێ. خۆ تائەم دواییەش شەریف کەسێکی دامەزراو و ساغڵەم بوو، چۆن و بەچی وا تێکچوو.)) من وا خەریک بووم لێکم دەدایەوەو شەریف بەدەم خەوەنوچکێوە وتی:

ـ پێ و قوومت خێر بوو سمایل!

ـ ئەگەر خێر وەهابێ، دەک خوا بیبڕێ!

* *

لێرە لەم ڕاستە بازاڕە، هەموو شتەکان چوونەوە شوێنی خۆیان. جموجووڵ و هایکردنی سەوزە و میوە فرۆش وهاتن و چوونی بۆیاخچییەکان لەنوێ ئاوەدانییان خستەوە گوزەرەکە. هێشتا تەرمەکان نەگەیشتبوونە دوا مەنزڵیان، چایچییەکە بەستەیەکی خێرای شانەهەڵتەکێنی هاویشتە سەر. من ددانم هاڵدەبوونەوە و لەدەنگی تۆپەکانی شەوم پێ ناسازتر بوو. ئەگەر بڵێی کەسم نەدی بزەی بێتەسەر لێو، یان لەگەڵ ڕەزمی بەستەکەدا شانی بۆ بلەقێنێ..

من هەروا بێزاری چاوەڕوانی بووم. ڕەنگبێ تەرمەکان گەیشتبنە غەریبستان و نەگەیشتبن؛ کاتێ شەریف بە توورەکەیەکی نایلۆنی ڕەشەوە گەیشت. ئەو هیچی نەبردە سەر خۆی و لێڵ نەبوو. جامێ ئاوی بەسەرەوە ناو چۆڕبڕی کرد. ئەمجا چەند لۆیەکی پشتوێنە ڕەشەکەی ترازاندو، ڕووی، کە شەڵاڵی ئارەقەبوو پێ وشک کردەوە. سەبارەت دواکەوتنەکەی، داوای لێبوردنی بەزاردا نەهات.

چایەکم بۆ بانگکرد. وەختێ پیاڵەکەی بۆ لێوی برد، من سەرنجی ڕوویم دەدا. سپێنەی چاوەکانی بەتۆڕی وردە دەماری شەرابی تەنرابوون. ئەگەرچی چاییەکە داخ بوو، وەلێ ئەو بە دوو فڕ هەڵیقوڕاند. دەست و پەنجەکانی لە چنگی لاشخۆر دەچوون، کۆتاییەکانی باریک و نینۆکەکانی تیژو چەماوە. لە هەمووی ترسناکتر ددانەکانی بوو. یەکەم جاربوو ئەمەی لێ ببینم. هەر هەموویان ببوون بە قوڕقوشم. ڕەنگێکی خۆڵەمێشیی تەڵخیان هەبوو. قوڕقوشمیش لەو کانزایانەیە، کە زوو گەرم دەبێ. ئەی باشە چۆن ئەو چایە داخەی وا بەپەلە فڕ کرد و دەم و زمانی دانەپڵۆخا؟ ترسێ لەناخمدا باری خست. نەمدەزانی چۆنی دەربڕم. بە بێزارییەوە پرسیم:

ـ لەبەیانییەوە منت لەم چایخانەیە بەستۆتەوە. زۆرت پێچوو؟!

ـ سەگ وەستابێ من نەوەستاوم. هەتا شەست هەزارم لە خێرەومەندێک قەرز کرد و سواری ئۆتوموبیل بووم بۆ بانمەقان و لەوێ عەریف زبالەم دۆزییەوە و پارەکەم دایەو قەوانی تۆپەکانم لێوەرگرت و بارمکردن و گەڕامەوە چەمچەماڵ و لێرە ساغم کردنەوە، ئەوندەم هەر پێدەچێ، سمایل گیان!

سەیرێکی توورەکە نایلۆنەکەم کرد. ڕەشی تۆخ، وەک بەڵگەی تاوانەکە، لەسەر مێزەکەی بەردەمم دانرابوو، هەر ئەوەبوو هاواری نەدەکرد. وەختابوو بڕشێمەوە. نەمزانی چیبکەم. پرسیم:

ـ ئەی برادەرانی خۆمان لەخاڵی پشکنین، چۆن پێیان نەزانیت؟ چۆن دەنگیان نەکرد؟

ـ پێیدەزانن. بەڵام دەنگ ناکەن. خۆمن بەدزیی ئەوانەوە، ئەم کارە ناکەم!.. ئەوان گومرگی خۆیان بە زیادەوە وەردەگرن.. هەندێ جار کەبابیشیان بۆ دەکڕم!

دوای پشوویەک بێدنگیی شەریف و، حەپەسانی من، شەریف لەسەری ڕۆی:

ـ بەرامبەر هەر قەوانێک چوار هەزاری چاپی بەغدا بە عەریف زبالە دەدەم. لێرە، لە چەمچەماڵ، هەر دانەو بە دووسەد دیناری چاپی سویسرا دەفرۆشمەوە. لەوێش زبالە بەتەنیا نییە. هەتا مولازم ئەووەل (چەللوب)ی ئامیر بەتەریەش لێیدەخوا.. بەکورتی قەرزەکەی تۆ پارەی دوو قەوان و نیوە، کاک سمایل!!

هەر بۆیە وەختێ شەریف کیسە نایلۆنەکی دابەسەر مێزەکەدا تەپەیەکی لێوە هەڵسا هێندەی زرمەی تۆپێک لە مێشکمدا ترس و دەنگدانەوەی هەبوو. شەریف شێتانە پەنجەکانی دەجووڵان. دەستی بۆ کیسە ڕەشەکە برد، کە لە نیگای منەوە ببوونە چنگی دڕندەی لاشخۆر. بە بێزارییەکی هێڵنج هێنەوە سەرنجم دەدا. سەرو دڵم گیرابوو. سەفتەیەک پێنج دیناری دەرهێنا، وەک دوا بەیەکی پێنج دیناریی‌ەکان بەخوێنی دوو قوربانییەکەی شەوێ سوور هەڵگەڕابن، ئاوا دەهاتنە پێشچاوم. شەریف سەفتەکەی بۆ ڕاگرتم ووتی:

ـ ماڵت ئاوابێ، فەرموو ئەوە قەرزەکەت، بیژمێرە؟

لێموەرگرت. نەمژمارد و خێرا تەپاندمە گیرفانی شەرواڵەکەم. وەختایێ سەرنجێکی دەستەکانی خۆمدا مینا پێنج دیناریی‌ەکان سوور هەڵگەڕابوون.کە ئەوم جێهێشت، ئاوڕێکم لە گۆڕستانەکە دایەوە. جارێکی دی دەستی تۆڵەی کوژراوەکانم بینییەوە بەخێراییەکی زۆر، جارێ ڕووەو ئاسمان جاری ڕووە من شاڵاویان دەهێنا. ئەوەندەم پێکرا لەپەوڕوو خۆم بەزەویدا بدەم.. دوای ماوەیەک بەڕووی خۆڵاوییەوە هەڵسامەوە و بە پەلەپڕووزێ شارۆچکەکەم چۆڵکرد. نازانم بۆ منیان کردبووە نیشانە ؟ خۆمن نانم بەئارەق و ڕەنجی شانم دەردێنم.!

11 ی ئوکتۆبەری1995

* هەزار دیناری چاپی بەغدا، یەکسانە بە هەژدە دیناری چاپی سویسرا.
* گەڕەکی شۆڕش: کۆمەڵگەیەکی زۆرەملێیە، پاش کاولکردنی دێهاتەکانیانی گەرمیان ، بەعس بۆ خەڵکی ناوچەکەی دروست کرد. نزیک شاری چەمچەماڵە.
* بانمەقان: بانێکی بەرینە یان بەرزاییەکە بەسەر چەمچەماڵ و گەڕەکی شۆڕش دا دەڕوانێ و سەربازگەیەکی گەورەی ڕژێمی لێیە. دوا پێگەی دوژمنە لە قۆڵی کەرکووکەوە بەرەو سلێمانی. جادەی سەرکیی کەرکووک سلێمانی کۆنترۆڵ دەکا و چاودێریی هەموو ناوچەکەشی پێسپێردراوە.

hemefarik@yahoo.dk